جیریمی ماتیۆ، یاریزانانی پاریس سانجێرمان بە "کەسانی بێڕێز" وەسف دەکات و دەڵێت:

## بەهۆی ژنەکانی یاریزانانی سانجێرمانەوە 6 گۆڵمان تۆمارکرد



ڕووداوی وەرزشی - CNBC

جیریمی ماتیۆ، بەرگریکاری فەرەنسی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، لە لێدوانێکی زۆر سەیردا نهێنی سەرکەوتنە گەورەکەی یانەکەی لەبەرامبەر یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، لە قۆناخی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپادا ئاشکرا دەکات و دەڵێت «ژنەکانی یاریزانانی پاریس سانجێرمان وایانلێکردین یارییەکە بەو ئەنجامە ببەینەوە».

جیریمی ماتیۆ، لە لێدوانێکی سەیردا بە ڕادیۆی Rmcی فەرەنسی ڕاگەیاند یاریزانانی پاریس سانجێرمان کەسانی لەخۆبایی و بێڕێزن، ئەوان نەیانزانی کە گاڵتەکردن بە گەورەترین یانەی جیهان باجەکەی قورسە و گوتی «یاریزانانی پاریس سانجێرمان گەنجن، لەخۆبایین و نازانن ڕێز لە بەرامبەرەکەیان بگرن، ئەوان نازانن کە هیچ شتێک لە تۆپی پێ یەکلایی نابێتەوە تاوەکو ناوبژیوان فیکەی کۆتایی یاری لێنەدات، ئەوان کە لە یاری چووندا بە 4 گۆڵ لێیان بردینەوە زۆر گاڵتەیان پێکردین، ئێمەیان زۆر تووڕە کرد». هەروەها ماتیۆ گوتیشی «بەتایبەتیش کە ژنەکانیان گاڵتەیان بە بارسا کرد ئێمە زۆر تووڕە بووین، هەر ئەوەش وایلێکردین ئەو یارییە گەورەیە ئەنجام بدەین و بە 6 گۆڵ سزایان بدەین».

ژنی مارکینۆسی بەرگریکاری بەرازیلی یانەی پاریسی، یەکێک بوو لەو ژنانەی لەدوای 4 گۆڵەکەی پاریس سانجێرمان، لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر گاڵتەو سووکایەتی بە بارسێلۆنا کرد.

WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو وەرزشی

ژمارە (441) سێشەممە 2017/3/14 23ی ڕەشەمێ - 2716 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## سەرۆکی ڕیال مەدرید پلانی بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی نوێ لە یانەکەی داڕشتووە..

# REVOLUTION

### "لەوانەیە شۆڕشی نوێی یانەی شاهانە ڕۆناڵدۆ لە ماڵی مەدریدی دەربکات"


### "شۆڕشەکەی پیریز بە ڕەزامەندی زیدان و پلانی بەیڵ و پشتگیری ڕامۆسە"



3

مەسعود ئۆزێل:

**پێش ڕاهێنانەکان سورەتی (فاتیحە) و پێش یارییەکانیش (ئیخلاس) دەخوێنم**



5


**"ئینگلیزەکان لە قەیراندان و لە هەموو هەورێکیش باران نییە"**



3

**"سوارێز مایەی شەرمەزارییە بۆ جیهان"**

4



لەدوای یارییەکەی بارسێلۆنا و پاریس سانجێرمان..

## مێسی دیارییەکی داوەتە ناوبژیوانی یارییەکە

4



## تووڕەن

یانەی زاخۆ لەسەر ئەنجامە خراپەکانی لە خولی نایابی عێراق بەردەوامەو تووشی شکستێکی دیکە بوو، بەمەش زیاتر لە ناوچەی دابەزین بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی عێراق نزیکبووەوە. ئەمەش هاندەرانی یانەکەی تووڕە کردووەو گلەییان هەیە. یەکێک لەو هاندەرانە بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت «یانەکەمان لەم وەرزەدا هەر لە سەرەتاوە خراپ بوو، راهێنەرێکی بیانییان هێنا هیچ سوودی نەبوو، پارەیەکی زۆریان لە کەمپێکی مەشقی لە دەرەوە خەرجکرد هەر سوودی نەبوو، ئینجا گۆڕینی دەستەی کارگێڕی یانەکەش ئەوەندەی دیکە بارودۆخی یانەکەمانی خراپتر کرد، پێویستە چارەیەکی خێرا بۆ ئەم بارودۆخە بدۆزرێتەوە».

بێئەوەی یاریزانی نوێ بێنێتە ریزەکانی..

# «نەورۆز نازناوی کوردستان دەباتەوە سلێمانی»



### راهێنەری یانەکە:

## رێگە نادەین ماندووبوونی ئێمە بە فیرۆ بڕوات

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - سلێمانی**

راهێنەری یانەی وەرزشیی نەورۆز، بە (رووداوی وەرزشیی) راگەیاند پلانی ئەوەیان داناوە بۆ ئەوەی بتوانن بۆ یەکەمجار نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان ببەنە شاری سلێمانی و دەڵێت «توانای ئەوەمان تێدایە ئەو کارە بکەین».

یانەی نەورۆزی تاکە نوێنەری شاری سلێمانی، کە یەکێکە لە 4 یانەکەی چوارگۆشەی زێڕین، زۆر بەپەرۆشەوە چاوی بڕیوەتە نازناوەکەو دەیەوێ بۆ یەکەمجار جامەکە بباتەوە. بۆ ئەو مەبەستە راهێنەری یانەکە پلانێکی تۆکمەی داناوە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن و بتوانن بۆ یەکەمجار نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بکەنە دیاری بۆ شاری سلێمانی. دکتۆر یاسین عەبدولمەناف، راهێنەر یانەکەی شاری سلێمانی، بە (رووداوی وەرزشیی) گوت «ئامادەکاری پێویستمان کردووە، چونکە ئێستا گەیشتووینەتە قۆناخێک کە رکابەری دەکەین و چاومان لە نازناوەکەیە، بڕوای تەواویشمان بە تواناکانی خۆمان هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، چونکە ئێمە چۆن تاوەکو ئێستا هەنگاوەکانمان بەباشی بڕیوە، دەتوانین هەرواش بەردەوام بین بەرەو بردنەوەی نازناوەکە».

ئەو راهێنەرە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەوان دەیانەوێ و پێویستە شتێک بکەن ئەو هەموو ماندووبوونەیان بە فیرۆ نەڕوات «بردنەوەی نازناوەکە ئەرکێکی قورسەو ماندووبوونی زۆری دەوێ، بەڵام پێویستە رێگە نەدەین ئەو ماندووبوون و کۆششە زۆرەی تاوەکو لێرە خستوومانەتەگەڕ بە هەدەر بڕوات، بە کورتی نازناوەکەمان دەوێ». یاسین عەبدولمەناف، گوتیشی «ئەگەر بارودۆخەکە نەگۆڕێت بەڵێنمان داوە ئەنجامان هەبێت».

لەبارەی هێنانی یاریزانانی نوێش بۆ ئەم قۆناخە گرنگە، راهێنەری ناوبراو گوتی «ئێمە یاریزانی خۆمان هەیە پێویستیمان بە یاریزانی دیکە نییە، کێشەمان ئەوەیە کە وەک پێویست سوود لە هێرشەکانمان نابینین، ئەگەرنا ئاستمان زۆر باشە، لە راستیدا تاوەکو ئێستا بڕیارمان نەداوە یاریزانی نوێ بهێنینە تیپەکەمان».



# شێروانە بەڵێن بە گەرمیانییەکان دەدات

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی - کەلار**

راهێنەری یانەی تیپی تۆپی پێی یانەی شێروانە، بە (رووداوی وەرزشیی) راگەیاند «تیپەکەمان لە هەموو روویەکەوە ئامادەیە بۆ بردنەوەی نازناوی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان».

تیپی تۆپی پێی یانەی شێروانە، خاوەنی زۆرترین هاندەری وەرزشیی لەسەر ئاستی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان، ئەمساڵ دوای ئەوەی توانی بۆ یەکەمجار بگاتە یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕین، بەڵێنی ئەوەی بە هاندەرانی داوە هەموو هەوڵێکی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی نازناوی خولی کوردستان پێشکەشی گەرمیانییەکان بکات.

کاروان نوری، راهێنەری یانەی شێروانە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئامادەکارییەکی باشمان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەستبێنین، جگە لەوەش کەمپێکی مەشقی ناوەخۆمان لە قەزای کەلار کردووەتەوەو ئامادەکارییەکانمان بەردەوامن بۆ ئەنجامدانی یەکەم یاریمان لە بەرامبەر یانەی نەورۆز بکەین، تاکە ئامانجی من و یاریزانان و ئیدارەی تیپەکەشمان تەنیا نازناوەکەیە». لەبارەی گرفتەکانی تیپەکەشیانەوە، کاروان گوتی «هیچ گرفتێکمان نییە، کارگێڕانی تیپەکە هەموو هەوڵێکیان داوە بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین لەسەر ئەو ئاستە باشەی تیپەکەمان لە گرووپەکاندا پێشکەشیکرد». هەروەها گوتیشی «کارگێڕانی یانەکەمان بڕیاریانداوە دوایین بەشی گرێبەستی یاریزانان دابین بکەن و مووچەکانیشیان بەتەواوی دابین کردووە، ئەوەش کاریگەری باشی دەبێت لەسەر یاریزانانمان». ئەو راهێنەر هەروەها گوتی «بەڵێنی ئەوەشمان داوە جامەکە ببەینە گەرمیان، هەرچەندە یانەکانی چوارگۆشەی زێڕین هەموویان تیپی بەهێزن».

# 22 ساڵە ئەنجامی یارییەک یەکلایی نەکراوەتەوە


**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی - سلێمانی**

لە ساڵی 1995وە یارییەکی کیک بۆکسینگ لەنێوان زانا حەربی و هاوبیر عەبدوڵڵا، لە یاریگەی (مەلعەب تەربیە)ی شاری سلێمانی ئەنجامدراوە، بەڵام زیاتر لە 22 ساڵ بەسەر ئەو یارییەدا تێپەڕیوە، کەچی هێشتا ئەنجامەکەی یەکلایی نەکراوەتەوە.

هەرچەندە سەرەتا ئەنجامی یارییەکە بۆ بەرژەوەندی هاوبیر عەبدوڵڵا هەژمارکرا، بەڵام دواتر ئەنجامەکە رادەگیرێت و پڕبینەرترین یاری مێژووی شاری سلێمانی لە یارییە هونەرە بەرگرییەکان تاوەکو ئێستا بێ ئەنجام ماوەتەوە.

زانا حەربی، یەکێک لە رکابەرەکانی یارییەکە بە (رووداوی وەرزشی) گوت «تاوەکو ئێستا ئەو ئەنجامە یەکلایی نەکراوەتەوەو هەرکەسێک خۆی بە براوە دەزانێت لەو یارییەدا من بەڕاستی نازانم، چونکە بەشێوەیەکی یاسایی یارییەکە تەواو نەکراوە، مەسەلەکە پرسی حزبایەتی تێکەوت».

(رووداوی وەرزشی) هەوڵیدا پەیوەندی بە ناوبژیوانان و رکابەری زانا حەربی بکات، بەڵام بەردەست نەبوون.





بەهرەیەکی میللی..

# فادی تۆما.. یاریزانێکی دەڤەری ئاکرێ

**عومەر قاسم**
**رووداوی وەرزشی - ئاکرێ**

یاریگە و تیپە میللییەکانی کوردستان پڕن لە بەهرەی بەتوانا، کە لە کاتی یارییەکاندا بە پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز دڵی بینەران و هاندەرانی تۆپی پێ لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان خۆش دەکەن، وەک ئەوەی فادی تۆما بنیامینی یاریزانی گەنج لەنێو یاریگەکانی دەڤەری ئاکرێ دەیکات، کە بە ئاستەبەرزەکەی سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی راکێشاوە.

فادی تۆما بنیامین، یەکێکە لە یاریزانە دیار و بەتواناکانی دەڤەری ئاکرێ، لەگەڵ چەندین تیپی دەڤەرەکە یاریکردووەو توانیویەتی ئاستێکی باش پێشکەش بە تیپەکان بکات. ئەو لە هێڵی بەرگری یاری دەکات، لە هەر یارییەکدا فادی یاری بکات هاندەرانی و یاریزانانی تیپی بەرامبەریش ئەو راستییە دەزانن کە بەهۆی فادییەوە گۆڵکردن لە تیپەکەی ئەو زۆر زەحمەتە.

فادی تۆما بنیامین، لە 1994/7/14 لە گوندی هزار جووت لەدایکبووەو هەر لە منداڵییەوە حەزی لە تۆپی پێ بووەو بەردەوام لە قوتابخانەو لە کۆڵانەکاندا لەگەڵ هاوڕێکانی ئەو یارییەی کردووە، بۆیە توانیویەتی وەک یاریزانێکی ئاستبەرز خۆی پێبگەینێت.

فادی، جگە لەوەی یاریزانێکی ئاستبەرزە، لە هەمانکاتدا لەنێو یاریگەدا وەک راهێنەرێکی شارەزاو بەتواناش سەرپەرشتی تیپەکەی و هاوڕێکانی دەکات، بۆیە وەک خۆی دەڵێت «ئاواتم ئەوەیە لە داهاتوودا بتوانم وەک راهێنەرێکی بەتوانا ئەرکی راهێنەرایەتی یانەیەکی کوردستان لەئەستۆ بگرم».

فادی، هەرچەندە لە هێڵی بەرگری یاری دەکات، بەڵام زۆر سەرسامە بە هەردوو هێرشبەری یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، لیۆنێل میسی ئەرجەنتینی و نەیمار دا سیلڤای بەرازیلی.



KOREK Telecom

ئۆفەرێك بۆ بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کورەك
ڕۆژانە ئینتەرنێتی بێسنوور بەخۆڕایی وەربگرن

ئێستا سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێتی Extra G دەتوانن هەموو ڕۆژێك بەشێوەی ئۆتۆماتیکی ئینتەرنێتی خۆڕایی وەربگرن لە کاتژمێر 1ی شەو تاکو 7ی بەیانی. ئەم ئۆفەرە بۆ سەرجەم بەشدارانی پاکێجەکانی ئینتەرنێت بەردەستە بەبێ هیچ خەرجییەکی زیادە.

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجە جۆراوجۆرەکانی ئینتەرنێت کە ئەم ئۆفەرە دەیگرێتەوە، پەیوەندی بکەن بە: #250* یان #360* یان #257*

korektel.com
411

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 441 )
سێشەممە 2017/3/14



ناحەزترینە

یاریزانێکی یانەی ئارسیناڵی ئینگلیزی نهێنییەکی ژووری جلگۆڕینی یانەی ئارسیناڵی بۆ ڕۆژنامەی دەیلی میرۆری بەریتانی ئاشکراکردووە، کە تایبەتە بە ئەلیکسیس سانچێزی ئەستێرەی چیلیی ئەو یانەیە. وەک ئەو ڕۆژنامەیە باسی دەکات ئەو یاریزانەی ئارسیناڵ بۆی ئاشکرا کردووە کە ئێستا سانچێز ناحەزترین یاریزانە لە ژووری جلگۆڕینی ئارسیناڵ، ئەویش بەهۆی ئەو هەڵسوکەوتە ناشیرینانەی بەمدواییە دەیکات، کە خۆی پێ گەورەترە لە هاوڕێکانی، بەتایبەتیش دوای ئەوەی چەند جارێک لەسەر کورسی یەدەگەکان پێکەنیوە، لە کاتێکدا یانەکەی دۆڕاوە».

## لە ژووری جلگۆڕینی ریال مەدریدا کوتلەیەک لەدژی ڕۆناڵدۆ دروستبووە..

# شۆڕشی نوێی مەدریدی بەڕێوەیە

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئیسپانیا، باس لەوە دەکەن کە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بە سەرۆکایەتی فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەکە و بە ڕەزامەندی زەینەدین زیدانی ڕاهێنەر و پلانی گاریس بەیڵی ئەستێرەی وێڵزی و بە پشتیوانی سێرجیۆ ڕامۆسی کاپتن، بەنیازی ئەنجامدانی شۆڕشێکن لەنێو ماڵی مەدریدی بۆ ئەوەی تیپەکەیان بەهێزتر بکەن. ماڵپەڕێکی ئیسپانیش دەڵێت «لەوانەیە شۆڕشی نوێی یانەی شاهانە ڕۆناڵدۆ لە ماڵی مەدریدی دەربکات».

### پلانەکەی سەرۆک ئامادەیە

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ماڵپەڕی دیاریۆ گۆڵی ئیسپانی، فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید، پلانی داناوە بۆ ئەنجامدانی شۆڕشێک لە ریزەکانی یانەکەیدا و بۆ ئەو مەبەستە بەلای کەمەوە 4 یاریزانی نوێ دێنێتە ریزەکانی تیپەکەی و 4 یاریزانیش دەردەکات. هەروەها ئەو سەرچاوەیە دەشڵێت «لەوانەیە قوربانییەکی ئەو شۆڕشە، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی و باشترین یاریزانی جیهان بێت».

سەرچاوەی ناوبراو ڕوونیکردووەتەوە، کە پیرێز 4 ئەستێرەی کردووەتە ئامانجی خۆی و بەهەموو شێوەیەک هەوڵدەدات لە میرکاتۆی هاوینەی داهاتوودا بیانێتە ریزەکانی تیپەکەی، کە بریتین لە هەریەک لە داڤید دی خیای گۆڵپارێزی ئیسپانی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی، کە ماوەیەکە پیرێز سوورە لەسەر هێنانی ئەو گۆڵپارێزە بۆ یانەکەی.

پاولۆ دیبالای ئەستێرەی ئەرجەنتینی تەمەن 23 ساڵی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی، کە بە «مێسی نوێ» ناودەبرێت. یاریزانی سێیەمیش ئیدین هازاردی ئەستێرەی بەلجیکی یانەی چێڵسی ئینگلیزییە، کە پیرێز پێیوایە باشترین یاریزانە بۆ ریال مەدرید. چوارەمیشیان بیرناردۆ سێلڤای ئەستێرەی یانەی مۆناکۆی فەرەنسییە.

هەروەها بەپێی ئەو سەرچاوەیە، ئەوانەی پیرێز بڕیاریداوە بەڕێیان بکات، بریتین لە هەریەک لە کەریم بنزیمە، ئەلڤارۆ مۆراتا، خامیس ڕۆدریگز، ئیسکۆ و دانیلۆ. لەگەڵ ئەگەری فرۆشتنی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆش.

### بەیڵ دەستپێکردووە

بەپێی سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی ریال مەدرید، فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەکە درکی بەوە بردووە کە پێویستە ریزەکانی یانەکەی بە چەند ئەستێرەیەکی دیکە بەهێز بکات و بۆ ئەو مەبەستەش ڕای یاریزانانی وەرگرتووە بۆ ئەوەی بزانێت کە کام یاریزان پێویستە بێنێتە ریزەکانی ریال مەدرید.

وەک ئەو سەرچاوەیە باسی دەکات، گاریس بەیڵ پلانی بۆ ئەوە داناوە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یەکەمی ئەو یانەیە لە مەدرید وەدەربنێت، بۆ ئەوەی خۆی ببێتە پیاوی یەکەمی یانەی شاهانە «بەیڵ هەوڵدەدات پیرێز بەوە ڕازی بکات گرێبەست لەگەڵ دەیلی ئالی یاریزانی تەمەن 20 ساڵی یانەی تۆتێنهامی ئینگلیزی بکات، بۆ ئەوەی جێگەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بگرێتەوە».

### زیدانیش پشتی تێکردووە

بەپێی ماڵپەڕی دیاریۆ گۆڵی ئیسپانی، ڕۆناڵدۆ چیدی ناتوانێت پشتگیری زیدانی ڕاهێنەر بەدەستبێنێت و دەڵێت «زیدان وازی لە بیرۆکەی (نابێ دەست لە ڕۆناڵدۆ بدرێت) هێناوە، چونکە پێیوایە ئاستی دۆن لە ساڵی 2017 زۆر دابەزیوە».

ئەو سەرچاوەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زیدان ڕاپۆرتێکی پێشکەشی پیرێز کردووەو یەکێک لەو خاڵانەی لە ڕاپۆرتەکەدا جەختی لەسەر کردووەتەوە دابەزینی ئاستی ڕۆناڵدۆیە. هەروەها دەشڵێت «دواتر زیدان لەگەڵ پیرێز سەبارەت بە شۆڕشە نوێیەکی ریال مەدرید کۆبووەتەوەو ڕاشکاوانە بە پیرێزی گوتووە لەوە دەترسم ڕۆناڵدۆ کێشە لە ژووری جلگۆڕیندا دروست بکات، کە ئێستا هەندێک لە یاریزانان لێی بێزارن».

### سەرۆگ دوودڵە

دیاریۆ گۆل، لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەیدا سەبارەت بە شۆڕشە نوێیەکەی ریال مەدرید، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سەرەڕای ئەوەی پیرێز مەترسی لەوە هەیە ئیدی ڕۆناڵدۆ نەتوانێت بەهۆی تەمەن گەورەییەوە جارێکی دیکە ئاستی ڕاستەقینەی خۆی بەدەستبێنێتەوە، بەڵام دوودڵیشە لە فرۆشتنی، بەهۆی ئەو داهاتە زۆرەی لە ڕێگەی ڕۆناڵدۆوە دێتە خەزێنەکانی ریال مەدرید.

ئەو ماڵپەڕە لەو بارەوە نووسیویەتی «پیرێز دەیزانی ڕۆناڵدۆ ناتوانێت تاوەکو چەند ساڵێکی دیکە بە ئەستێرە گەورەکەی ریال مەدرید بمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرێبەستەکەی ڕۆناڵدۆی تاوەکو ساڵی 2021 بە پارەیەکی خەیاڵی بۆی نوێ کردەوە، چونکە هیچ یاریزانێکی دیکەی نەدۆزرییەوە کە بتوانێت لە ڕووی بازرگانییەوە جێگەی ڕۆناڵدۆ بگرێتەوە».

### کوتلەیەک لەدژی دۆن

ئەو ماڵپەڕە ئیسپانییە، لە ڕاپۆرتەکەیدا نهێنییەکی دیکەی نێوماڵی مەدریدی ئاشکرا دەکات و دەڵێت «ئێستا لەنێو ژووری جلگۆڕینی ریال مەدریددا کوتلەیەک لەدژی ڕۆناڵدۆ دروستبووە، کە نایانەوێ چیدی ڕۆناڵدۆ کورە بەنازەکەی ریال مەدرید بێت و کەس نەتوانێت دەستی لێبدات».

دیاریۆ گۆل، دەڵێت «ئەو کوتلەیە لەلایەن ئەلڤارۆ مۆراتا، لۆکاس ڤاسکێز و ئیسکۆوە سەرپەرشتی دەکرێت و بە ڕەزامەندی سێرجیۆ ڕامۆسی کاپتنە». هەروەها دەشڵێت «ئەوانە بە ئاشکرا داوای دادپەروەری دەکەن و پێیانوایە سەرەڕای ئەوەی ئاستی ڕۆناڵدۆ زۆر دابەزیوە، کەچی هیچ کات یاساکان ئەو ناگرنەوەو کەس بۆی نییە بێدڵی ئەو بکات».

«زیدان وازی لە بیرۆکەی (نابێ دەست لە ڕۆناڵدۆ بدرێت) هێناوە»

«بەیڵ بەهەموو هێزێکی هەوڵدەدات ڕۆناڵدۆ لە ریال مەدرید دەربکات»



## چاوێک لەم یارییە و دڵیشیان لای هەینییە..

# ئینگلیزەکان لە قەیراندان و لە هەموو هەورێکیش باران نییە



«یانەکانی سێریا ئەی بەرامبەر بە یانەکانی ماماناوەند هەمیشە لە مەترسیدان»

**شرۆڤە: سەڤین تەها**

هەفتەی ڕابردوو، هەفتەیەکی مێژوویی بوو بۆ هەمووان، زۆر باس لەو گەڕەی پێشوو ناکەین، چونکە لەم هەفتەیەشدا ئەگەری کەوتنەوەی قوربانی زیاتر لە ئارادایە، بەتایبەت یانە ئینگلیزەکان کە خەریکە لە خولەکەدا قەڵاچۆ دەبن و تاکە هیوا و ئاواتیان یانەی مانچێستەر سیتییە کە قاچێکی لە قۆناخی داهاتوو داناوە.

ئەم خراپییەی یانەکانی ئینگلتەرا مەترسی زۆر لەسەر کورسییەکانی خولەکە دروستدەکات، چونکە ئەگەر ئەمساڵ یانەی یوڤێنتوس بگاتە قۆناخێکی مەترسیدار لە چەشنی یاری کۆتایی ئەوا بەدڵنیاییەوە کورسییەکی چامپیۆنزلیگ لە ئینگلتەرا وەردەگیرێتەوەو دەدرێتە ئیتاڵیا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا لێدانێکی کوشندەیە بۆ پریمەرلیگ.

**سێشەممەی چامپیۆنزلیگ 2017/3/17**

### لێستەر سیتی 1 ـ 2 سیڤیلیا

بردنەوە بە ئەنجامی 2 ـ 1 ڕەنگە بۆ یانەیەکی وەک سیڤیلیا باش نەبێت، چونکە یارییەکە لە یاریگەی خۆیدا بوو، لە بەرامبەریشدا تیپێکی وەک لیستەر سیتی کە ئێستا شکسپیر سەرکردایەتییان دەکات و لەدوای ڕۆیشتنی ڕانیێری ئاستیان گەڕاوەتەوە بۆ لوتکە، لە کاتێکدا ئەوان ئەگەر پشت بە هێرشی هەڵگەڕاوە ببەستن ئەوا خێراییەکەی ڤاردی و دروستکردنەکانی مەحرز دەبنە یارمەتیدەرێکی باش بۆ هەژاندنی تۆڕی سیڤیلیا.

### یوڤێنتوس 2 ـ 0 پۆرتۆ

تامەزرۆیی یوڤێ زۆر لەوە زیاترە کە بەسەر پۆرتۆدا سەر بکەوێت، ئەو تینوی نازناوەکانە، بەڵام وەک هەمیشە لەگەڵ یانە ئیتاڵییەکاندا هیچ شتێک جێگای دڵنیایی نییە، دوور نییە یوڤێ دەربکرێت، ئاخر یانەکانی سێریا ئەی بەرامبەر بە یانەکانی ماماناوەند هەمیشە لە مەترسیدان، پێکهاتەکەی یوڤێ دوو تیپی بەهێزی لێدروست دەکرێت، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ڕاددەیەی کە بێمنەت بن بەرامبەر هەر پێشهاتێکی چاوەڕێنەکراو.

**چوارشەممەی چامپیۆنزلیگ 2017/3/18**

### مۆناکۆ 3 ـ 5 مانچێستەر سیتی

یاری ڕابردوو دەکرێت بڵێین پرچێژترین یاری چامپیۆنزلیگ بوو لە دەیەی ڕابردوو، یانەیەکی وەک مۆناکۆ خۆی جیڕ بکاتەوە و 3 گۆڵ لە ئیتیحاد بکات، شایەنی ئەوەیە لە ڕکابەرییەکان بیهێڵینەوە، کێشە ئەوە نییە مان سیتی سەردەکەوێت یان دراماتیکییانە دەکرێتە دەرەوە، کێشە ئەوەیە لە قۆناخی 8 بەر کام یانە دەکەوێت، ئایا دەبێتە نێچیرێکی ئاسان، یانیش یانەیەکی ڕەزاگران دەبێت بۆ ئەوانەی دیکە، بەهەرحاڵ جارێ زووە بڕیار لەسەر کرانە دەرەوەی مۆناکۆ بدرێت، بەڵام ئەوە ڕاستییە کە سیتی دڵی لەلای ڕۆژی هەینی و تیروپشکەکەیە.

لەم یارییەدا ئەوەی کە جێگەی سەرنجە یاری نەکردنی ڕەحیم ستێرلینگە، لەگەڵ ئەو هەموو کێشانەی کە بەرگرییەکەی گواردیۆلا بەدەستییەوە دەناڵێنێت، بەڵام هەموو ئەم ناخۆشییانەی بەسەر گواردیۆلادا هاتن لەم ساڵدا ئەو لە دوایین لێدوانیدا دەڵێت « ئەگەر ئەمساڵ نازناوم بەدەستنەهێنا، ئەوا وازدەهێنم»، ئێ خۆدیارە، پریمەرلیگ زەحمەتە و چامپیۆنزلیگیش پێم وابێت هێشتا بۆ ئەم پێکهاتەیەی سیتی بڤەیە.

### ئالێتیکۆ مەدرید 4 ـ 2 بایرلیڤەرکۆزن

لە هەموو هەورێک باران نییە، بەتایبەت ئەگەر هەورەکە لە ئاسمانی مەدرید بێت، یاری یەکەم لەنێو یاریگەی خۆیدا بە 4 گۆڵ دۆڕا بێت و لەسەری بێت لەم یارییەدا 3 ـ 0 بیباتەوە، دەبێت چ پێشبینییەکی بۆ بکەین جگە لە دۆڕانێکی دیکە یانیش لە باشترین حاڵەتدا یەکسانبوونێک بۆ کوڕانی شمیت، لە کاتێکدا کە یارییەکە لە ڤیسێنتی کاڵدیرۆن بێت.

## وێنەیەک دەچێتە مێژوو..

# بە ڕۆژێک 65 ملیۆن کەس سەیریان کردووە

**ڕووداوی وەرزشی ـ BARCA4EVER**

وێنەیەکی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، د ه چێتە ریزی وێنە مێژووییەکان، کە لە کاتی تۆمارکردنی گۆڵی شەشەمی بارسیلۆنا لە پاریس سانجێرمان، لەلایەن وێنەگرێکی مەکسیکییەوە گیراوە، ئەوکاتەی مێسی بۆ ئاهەنگگێڕان و خۆشی دەربڕین دەچێتە نێو هاندەرانی بارسیلۆنا.

ئەو وێنەیە لەلایەن سانتیاگۆ گارسیسی وێنەگری مەکسیکییەوە گیراوە، بەشێوەیەک کە مێسی دەچێتە نێو هاندەران و دەستی خۆی بەرزدەکاتەوەو لە خوارەوەش هاندەران پەنجە بۆی درێژ دەکەن. وەک وێنەگرەکە باسی دەکات لەو وێنەیەدا مێسی وەک پاشایەک دەردەکەوێت کە قسە بۆ لایەنگران و داروەدەستەکەی بکات و ئەوانیش ئاهەنگ بە بۆنەی بینینی پاشایەکەیان بگێڕن.

ئەم وێنەیە هەرزوو ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردو وەک هەندێ وێنەی مێژوویی خۆی نیشاندا، بۆیە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە زیاتر لە 65 ملیۆن کەس لە سەرانسەری جیهانەوە لە ڕێگەی فەیسبووکەوە سەیری ئەو وێنەیان کردووە.

سانتیاگۆ گارسیسی وێنەگر، زیاتر لەبارەی ئەو وێنەیەوە دەڵێت «ئەم وێنەیە دەبێتە سیمبوڵ، وێنەیەکە بۆ هەتا هەتایە لە مێژووی تۆپی پێدا دەمێنێتەوە».

ئەم وێنەیە لە فەیسبووک 65 ملیۆن بینەری هەبووە، لەگەڵ 3.3 ملیۆن کۆمێنت و 2.6 ملیۆن لایک. هەروەها 220 هەزار جاریش شەیر کراوە.

دوای 36 کاژێر، وێنەکە لە ئینستاگرامی فەرمی یانەی بارسیلۆنا دانراو زیاتر لە 6.8 ملیۆن بینەری هەبوو، لەگەڵ 34 هەزار کۆمێنت.


لە تویتەریش ژمارەی بینەرانی وێنەکە لە 2.5 ملیۆنی تێپەڕاند، لەگەڵ 28 هەزار لایک و زیاتر لە 21 هەزار شەیرکردن.

«وێنەکە تەنیا لە فەیسبووک 3.3 ملیۆن کۆمێنت و 2.6 ملیۆن لایک و 220 هەزار شەیری هەبووە»

«ئەو وێنەیە لەلایەن سانتیاگۆ گارسیسی وێنەگری مەکسیکییەوە گیراوە»



## ڕاستە



ڕۆژنامەی ماتینۆی ئیتاڵی ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە کە باس لە ویستی درایس مێرتینسی هێرشبەری بەلجیکی یانەی ناپۆلی ئیتاڵی دەکەن بۆ چوونە ریزەکانی یەکێک لە دوو یانە بەناوبانگەکەی شاری مانچێستەری ئینگلیزی. ئەو ڕۆژنامەیە لەو بارەوە نووسیویەتی «ڕاستە، مێرتینس گفتوگۆی لەگەڵ بەرپرسانی یەکێک لە دوو یانەکەی مانچێستەر دەستپێکرووە، بەڵام هێشتا نەزانراوە ئەو یانەیە مان یونایتدە یان مان ستی، ئەمەش بەربەستی خستووەتە بەر هەوڵەکانی ناپۆلی کە دەیویست بە زووترین کات گرێبەستەکەی مێرتینس نوێ بکاتەوە».

### بۆ ئەوەی لە ماوەی سزادانەکەیدا بێزار و بێکار نەبێت..

# 5 کار بۆ ئیبراهیمۆڤیچ پێشنیاز کراون



**ڕووداوی وەرزشی ـ Mirror**

ڕۆژنامەی میرۆری بەریتانی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە، تێیدا گاڵتەی بەو سزایە کرد، کە بەسەر ئەستێرەی سوێدی زڵاتان ئیبراهیمۆڤیچ سەپێندراوە، کە ئیبرا لە 3 یارییدا ناتوانێت لەگەڵ شەیتانە سوورەکان بەشداری بکات.

ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتەکەیدا، دەڵێت «پێشبینی ئەوە سزایە دەکرا، هەر لەو ساتەوەی ئەنیشکی ئیبراهیمۆڤیچ بەر دەموچاوی تایرۆن مینگزی یاریزانی بۆرنمۆس کەوت». بەو سزایەش تەنیا دەتوانێت لە یۆرۆپالیگ بەشداری بکات و لە یاری ئیڤێرتۆن لە 2017/4/4 لە پریمەرلیگ دەگەڕێتەوە.

ڕۆژنامەکە هەر بۆ خۆشی چەند پێشنیازێکی پێشکەشی ئیبرا کردووە، کە دەتوانێت لە ماوەی پشووە بەزۆرییەکەی سوودیان لێوەرگرێت و تووشی بێزاری و بێکاری نەبێت.

**1** ـ زڵاتان هەندێ ڕاهێنانی تایبەت بە تۆپی پێ بکات، بەتایبەتی ڕاهێنان لەسەر لێدانی سزا، دوای لەدەستدانی ئەو لێدانە سزایەی مانچێستەر یونایتد بەرامبەر بۆرنمۆس، ئەوەش لە ئەیلوولی 2015ەوە یەکەمجار بوو ئیبرا لێدانی سزا گۆڵ نەکات.

**2** ـ ڕاپۆرتەکە بە گاڵتەوە پێشنیازی ئەوەش دەکات، زڵاتان ئەو پشووە بۆ کڕینی پارێزەری ئەنیشکەکان بقۆزێتەوە، بەر لەوەی لە بازاڕەکان نەمێنێت، نەخاسمە دوای ڕووداوی (بەرکەوتنی مینگز بە ئەنیشکی زڵاتان)، بۆیە دەبێت ڕێوشوێنی خۆپاراستنی پێویست بۆ پاراستنی ئەنیشکی بگرێتەبەر. لەوانەیە کڕینی سەر پارێزیش پێویست بێت، بۆ ئەوەی خۆی لەسەری مینگز بپارێزێ.

**3** ـ یەکێکی دیکە لەو پێشنیازانەی ڕۆژنامەکە پێشکەشی کردووە، زڵاتان خۆی بگەیەنێتە ناوبژیوان کیڤن فرێند و هەندێ کاتی لەگەڵ بەسەرببات، دوای ئەوەی لە یاری بۆرنمۆس دەرکەوتن زۆر قسەیان لەگەڵ یەکدی دەکرد، نەخاسمە زڵاتان ئێستا هەندێ کاتی بەتاڵی هەیە، دوای ئەوەی فرێند لە یاریگەی ئۆڵدترافۆرد کارتی سووری بەرووودا بەرزکردەوە.

**4** ـ ڕاپۆرتەکە پێشنیازی ئەوەش دەکات، زڵاتان خۆی بۆ سەیرکردنی ئەو وێنانە تەرخان بکات، کە بۆ گاڵتەپێکردنی تۆڕە جاڵجاڵۆکەیەکانیان پڕکرد.

**5** ـ دەشتوانێت ئەو پشووە بەزۆرییە بۆ چێژبەخشین بە جەماوەر و داهێنانی وتەی تازە بەکاربێنێت، هاوشێوەی وتەکەی «ئێمە بەدوای شوقەیەکدا دەگەڕێین، ئەگەر نەمان دۆزیەوە هوتێلێک دەکڕین»، یان وتەکەی «ناتوانم یارمەتی بدەم، بەڵام دەتوانم بە ئاستی نایابم پێبکەنم»، یان وتەکەی « ئەوەی جۆن کارۆ بە تۆپی پێ کردی من دەتوانم بە پرتەقاڵێک بیکەم».

### ئۆبال بە ملی ڕۆژنامە

# "بە بەڵگەوە بارس
# لە پاریس سانجێ

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

ڕۆژنامەکانی مەدرید چەند ئامارێکی تایبەت بە دینیس ئایتیکنی ناوبژیوانی ئەڵمانی بەڕەگەز تورک، کە یاری گەڕانەوەی قۆناخی 16ی چامپیۆنزلیگی بەڕێوەبرد، دەکەنە بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو تۆمەتانەی داویانەتە پاڵ ناوبژیوانەکە، گوایە یارمەتی بارسای داوە بۆ بردنەوە لە پاریس سانجێرمان و سەرکەوتن بۆ قۆناخی 8ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا.

ئەو ڕۆژنامانەی مەدرید، بەڵگە بەوە دەهێننەوە کە ئەو ناوبژیوانە ئەڵمانییە، لە ماوەی نیو کاژێردا 2 لێدانی سزای بۆ بارسێلۆنا گرتووە، لە کاتێکدا ئەو ناوبژیوانە لە 12 یاری دیکەی چامپیۆنزلیگدا، کە بەڕێوەی بردوون تەنیا 2 لێدانی سزای گرتووە.

هەروەها ڕۆژنامەکانی مەدرید، دەڵێن «دینیس ئایتیکن لەم وەرزەدا 26 یاری بەڕێوەبردووە لە بۆندسلیگا و چامپیۆنسلیگ، تەنیا 5 لێدانی سزای گرتووە، واتە بە ڕێژەی لێدانێکی سزا لە هەر 4 یارییدا».

ئەو ناوبژیوانە بەدرێژایی کاروانی ناوبژیوانیەتی خۆی، لە ماوەی 11 ساڵدا،



"میدیای مەدریدی ڕایگەیاند یویفا سزای ئایتیکن دەدات، بەڵام سەرۆکی فیفا دەستخۆشی لێکرد"

"مێسی لەدوای یارییەکە دیارییەکی بە ئایتیکنی ناوبژیوانی یارییەکە داوە"

"ئایتیکن لە 26 یارییدا تەنیا 4 پەناڵتی گرتووە دووانیان بۆ بارسا بوونە"

### کاراگێر بۆ فیلاینی:

# تۆ بەئەنقەست ئازاری خەڵک دەدەی



**ڕووداوی وەرزشی ـ MU4**

مەروان فیلاینی، یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی زۆر بە توندی وەڵامی ڕەخنەکانی جیمی کاراگێری بەرگریکاری پێشووی لیڤەرپوول و شرۆڤەکاری تەلەڤزیۆنی ئێستای دایەوە، کە مەروانی بە توندوتیژی بەئەنقەست و زبری بێ پاساو تۆمەتبار کردبوو، گوتبووی «فیلاینی بەئەنقەست ئازاری یاریزانانی تیپی بەرامبەر دەدات».


مەروان فیلاینی، لە لێدوانەکەیدا، کە ڕۆژنامەی لیڤەرپوول ئیکۆ بڵاویکردووەتەوە، وەڵامی کاراگێر دەداتەوەو دەڵێت «ئەگەر من توند بم و بە زبری یاری بکەم، ئەی کاراگێر چییە؟ ئەو تەنیا قسەی بێمانا دەکات، چونکە خۆی پاڵەوانی جیهانە لە شکاندنی ئێسک و قاچەکاندا». فیلاینی کە زۆر بە قسەکانی کاراگێر تووڕە بووە، هەروەها گوتیشی «ئەگەر لەسەر ماڵپەڕی یوتیوب لەسەر ناوی کاراگێر بگەڕێی، تەنیا ئەو گرتە ڤیدیۆیانە دەبینی، کە ئەو هەوڵی شکاندنی ئێسک و قاچی یاریزانەکان دەدات».

فیلاینی تەمەن 29 ساڵان، ئێستا چوارەم وەرزە لەگەڵ شەیتانە سوورەکان بەسەر دەبات، لەوەتەی لە هاوینی 2013 بەرامبەر 32 ملیۆن یۆرۆ لە ئیڤێرتۆنەوە ڕووی تێکردووە.

**فیلاینی بۆ کاراگێر: لە یوتیوب ناوی کاراگێر بنووسە تەنیا ئێسک و قاچ شکاندن دەبینی**

### ڕاهێنەرێکی بەناوبانگ پێیوایە بارسا بە فێڵ گ

# "سوارێز مایەی شەرە



**ڕووداوی وەرزشی ـ Gulf News**

لارس لاگرباکی سوێدی، ڕاهێنەری هەڵبژاردەی نەرویج، کە ساڵی ڕابردوو هەڵبژاردەی ئایسلەندای بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا گەیاندە کۆتاییەکانی یۆرۆ لە فەرەنسا، ڕەخنەیەکی توندی لە لویس سوارێزی هێرشبەری بارسێلۆنا گرت و بەوە تۆمەتباری کرد کە بە فێڵبازی خۆی پاریس سانجێرمانی لە چامپیۆنزلیگ دەرکردووە «بۆ تۆپی پێ و جیهان شەرمەزارییە، یارییەکی دەرکردن لە چامپیۆنسلیگ لەنێوان بارسێلۆنا و پاریس سانجێرمان بە (نواندنێکی) لویس سوارێز یەکلایی ببێتەوە».

لاگرباک، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سوارێز کەسێکی فێڵبازەو بە فێڵێک هەمووانی هەڵخەڵەتاندووەو بردنەوەی بۆ بارسێلۆنا بەدەستهێناوە «هیچ مانایەکی نییە یارییەک بە جوولەیەکی جیاواز یەکلایی بکرێتەوە، بەداخم بۆ تۆپی پێ». لاگرباک بە توندی ڕەخنەی لە (نواندن)ەکەی لویس سوارێز گرت، گوایە بەرگریکارێکی پاریس سانجێرمان لەنێو هێڵی سزا پاڵی پێوە ناوە، ئەوەش گۆڵی پێنجەمی بە بارسێلۆنا بەخشی، لە کاتی زیادکراو لەلایەن نەیمارەوە، ئەوەش وەرەی بارسێلۆنای بەرزکردەوەو توانی گۆڵی 6 لە خولەکی 95 بە قاچی سێرجی ڕۆبێرتۆ تۆمار بکات.

لاگرباک، لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی (ڤیاسات سپۆرت) لۆکاڵیدا، گوتی «زۆر تووڕە بووم، ئەوە نواندنێکی زەقی سوارێز بوو، لەبەرچی ناوبژیوان لەلای گۆڵەکان دابنێین، ئەگەر نەتوانن ئەو جۆرە شتانە ببینن؟». لاگرباک داکۆکی لە پێویستی بەکارهێنانی گێڕانەوەی تەلەڤزیۆنی بە سزادانی ئەو یاریزانانە کرد، کە نواندنی بەردانەوە لەنێو هێڵی سزا دەکەن، دووپاتیشی کردەوە ئەوە تاکە ڕێگەیە بۆ نەهێشتنی ئەو جۆرە کارانە.

لاگرباکی تەمەن 68 ساڵان، لە ساڵانی 2000 تاوەکو 2009 ڕاهێنەری هەڵبژاردەی سوێد بوو و توانی بیگەیەنێتە دوو مۆندیال و 3 یۆرۆ، لە مۆندیالی باشووری ئەفریقیا 2010 ڕاهێنەری هەڵبژاردەی نایجیریا بوو، بووە یەکەم ڕاهێنەریش پێشەوایەتی ئایسلەندا بکات و بگاتە یۆرۆ لە مێژوویدا، لەگەڵیدا گەیشتە قۆناخی چارەکی کۆتایی، بەر لەوەی لەسەر دەستی ئینگلتەرا بکرێتە دەرەوە.

## جوانترین لێدوان



سێرجیۆ ڕامۆس بەرگریکارە، بەڵام لەنێو جەستەی خۆیدا هێرشبەرێکی هەڵگرتووە، کە دەچێتە پێشەوە دەزانین کە گۆڵ تۆمار دەکات

کایلۆر ناڤاس
(گۆڵپارێزی یانەی ڕیال مەدرید)




لیۆنێل مێسی کە تۆپ دەبات وادەزانی تۆپەکە لەنێو گیرفانیدایە نەک لەپێش قاچەکانی، سوپاس بۆ خوا کە مێسی هەیە

تاریق زیاب
(شرۆڤەکاری بی ئێن سپۆرت)



لە ڕاستیدا من لە کاتی بەڕێوەبردنی یارییەکانی خولی سعوودییە زۆر ماندوو دەبم، چونکە ڕیتمی یارییەکانی لە یارییەکانی پریمەرلیگ خێراترە

مارک کلاتنبێرگ
(ناوبژیوانی بەناوبانگی ئینگلیزی)



لەوانەیە بڕوا بە من نەکەن، بەڵام من کوڕێکی زۆر شەرمنم، ناخۆشترین شتیش لەنێوی یاریگەدا بۆ من ئەوەیە کە پێمدەڵێن نیشانەی کاپتنیی ببەستە

لویس سوارێز
(هێرشبەری یانەی بارسێلۆنا)



زەحمەتترین ئەرک بۆ من لە کاتی یاریکردنم ئەوەبوو کە 90 خولەک لەنێو یاریگەی کامپ نودا لە ناوەڕاستی یاریگەدا بەرامبەر چاڤی و ئینیێستا یاری بکەم

فرانک لامپارد
(کاپتنی پێشووی یانەی چێلسی)



لە ڕاستیدا بڕیاری خۆم داوە ئەگەر لیڤەرپوول نەتوانێت بۆ ساڵی داهاتوو بەشداری لە چامپیۆنزلیگدا بکات، دەچمە ڕیزەکانی ڕیال مەدرید

فلیپی کۆتینهۆ
(ئەستێرەی یانەی لیڤەرپوول)

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 441 )
سێشەممە 2017/3/14



**سێرک**

تۆماس مۆلەری هێرشبەری یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی جارێکی دیکە ناڕەزایی خۆی لە خەرجکردنی ئەو هەموو پارەیە لە کڕینی یاریزانان دەربڕی و ڕایگەیاند تۆپی پێ بووەتە سـێرک. مۆلەر گوتی «ئەو ژمارانەی ئەمڕۆ دەدرێن مێشـک قبوڵیان ناکات، هیچ مرۆڤێک شایسـتەی ئەو ژمارانە نییە، یاریزانانی ئێسـتای تۆپی پێ وەک کاڵای بازرگانیان لێهاتووە، بەڵام نابێت ئەوە کارمان لێبکات، چونکە خۆمان دەخەینە بەردەم فشارێکی زۆرەوە، هەرچۆنێک بێت دەبێ ئەوە بزانین کە بووینە یاریزانی تۆپی پێ دەبینە بەشێک لەو سێرکە».

چی لەبارەی ریمۆنتادای بارسا گوتوویانە؟

# سامپاولی جەڵتە لێیدەدات و میلانیش هاندەری بارسایە

ئا: ڕووداوی وەرزشی

بەپێی ماڵپەڕی ئۆپتـای بەناوبانگ، ریمۆنتادای یانـەی بارسـێلۆنای ئیسـپانی لەبەرامبـەر پاریس سـانجێرمانی فەرەنسـی، گەورەترین ریمۆنتادایە لە مێـژووی خولی یانە پاڵەوانەکانـی ئەوروپا، چونکە پێشتر هیچ یانەیەک لە یاری گەڕانەوەدا نەیتوانیوە بگەڕێتـەوە، کە لە یاری چووندا بە جیاوازی 4 گۆڵ دۆڕا بێت.

ئـەم ریمۆنتادایەی بارسـا، زۆرتریـن پانتایی لە میدیـای جیهانی داگیرکردو زۆرترین قسـە و لێدوان لەبارەوە گووترا، (ڕووداوی وەرزشـی) بەشێک لەو لێدوانانە دەخاتەڕوو:

❁ لەوانەیە لێدوانی خۆرخێ سامپاولیی ڕاهێنەری یانەی سیڤیلیا، کە پێشبینی دەکرێت ببێتە ڕاهێنەری داهاتووی بارسا، سەرنجڕاکێشترینیان بێت، چونکە باسی مردنی خۆی دەکات، کە لە ڕاستیشدا لەوانەیە قسـەی ئەو ڕاسـت دەرچووبووایە، چونکە لە کاتی یارییەکانـدا ترێسـێکی زۆری دەکەوێتە سـەر. ئەو گوتی «باشـبوو من ڕاهێنەری پاریس سـانجێرمان نەبـووم، چونکە لە یاری بارسـێلۆنادا من لەجیاتی ئۆنای ئێمری بوومایە، جەڵتەی دڵ لێیدەدام».

❁ ستۆیچکۆڤی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی بولگاریا و یانەی بارسـێلۆناش، لێدوانێکی سـەیری دا، کـە مەبەسـتی گاڵتەکـردن بـوو، بـە میدیای مەدریدی و هاندەرانی یانەی ڕیال مەدریدی ڕکابەری بارسـێلۆنا، چونکە باسـیان لەوە دەکـرد کە دینیز ئێتیکنی ناوبژیوانی ئەڵمانی یارمەتی بارسای داوە. ئەو گوتـی «حەزناکەم دینیزی ناوبژیوان یارییەکی دیکەی بارسا لە قۆناخی 8 بەڕێوەببات، دەمەوێ لە یاری کۆتاییدا ناوبژیوانیمان بۆ بکات».

❁ ئەدریانـۆ گالیانی، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری یانـەی ئـەی سـی میلانـی ئیتاڵیـش نهێنییەکـی یاریزانەکانی ئاشکراکرد و گوتی «لە یاری بارسێلۆنا و پاریس سانجێرمان، کە یەکێک بوو لە باشترین ئەو یارییانەی لە ژیانی خۆمدا بینیومە، هەموو یاریزانانی میلان هاندەری بارسێلۆنا بوون».

❁ ماسـیمیلیانۆ ئەلێگـری، ڕاهێنـەری یانـەی یوڤانتۆسـیش ڕاشـکاوانە ڕایگەیانـد کـە ئـەو ریمۆنتادایـەی بارسـا بۆ هەموو لایـەک خراپ بوو، گوتی «زۆر لە گەڕانەوەی بارسـا لەبەرامبەر پاریس سانجێرمان دەترسێم، ئەوە بۆ هەموومان زۆر خراپ بوو، دەبێ هەموو یانەکانی قۆناخی 8 بترسێن».

❁ نەیمار دا سیلڤا، هێرشبەری یانەی بارسێلۆنا، باسـی بەسەرهاتێکی خۆی و لیۆنێل مێسی هاوڕێی کـردو گوتی «کاتێک گۆڵی شەشـەممان لە پاریس سـانجێرمان کرد، زۆر لە مێسـی گـەڕام بۆ ئەوەی لەگەڵیـدا ئاهەنگ بگێڕم نەمدۆزییەوە، کاتێک بینیم لەگەڵ هاندەران ئاهەنگ دەگێڕێت».

❁ سـێرجی ڕۆبێرتۆ، خاوەنی گۆڵی شەشـەمی بارسـاش، ئاشـکرایکرد کە ئەو تـا ماوەیەکی درێژ بـڕوای نەکـردووە کە ئـەوەی ڕوویداوە ڕاسـتییە و گوتـی «بڕوام نەدەکرد ئەو گۆڵـەی من لە پاریس سانجێرمانم کردووە ڕاستییە، تاوەکو ڕافینها پێیگوتم سێرجی خەون نییە ئەوە ڕاستییە ڕاستی».

❁ یۆرگـن کلۆپ، ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپوولیش قسـەی خۆی لەبـارەی ئـەو ریمۆنتادای بارسـاوە هەبـوو، ئـەو گوتـی «یـاری بارسـێلۆنا و پاریس سانجێرمانم بینی، ڕووداوەکانی بڕوا پێنەکراو بوون، ئەو یارییە وایلێکردم زیاتر تۆپی پێم خۆش بوێت».

❁ ئارسـین ڤینگەر، ڕاهێنەری یانەی ئارسینالی ئینگلیزیـش، ئـەو یارییەی قۆسـتەوە بـۆ ئەوەی بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ بەرگـری لەخۆی بکات لەبەرامبـەر ئـەو ڕەخنـە و گلەییانـەی ئاراسـتەی دەکرێن. ئەو گوتی «لە جیهانی تۆپی پێدا ڕاهێنەر گەورەترین قوربانییە، سەیری لویس ئێنریکی بکەن، بـەر لـە دوو هەفتە گەمژە بوو ئێسـتا کردوویانەتە پاڵەوان».

❁ خـودی تیاگـۆ سـیلڤای بەرگریـکاری یانەی پاریـس سـانجێرمانی فەرەنسـیش، کـە قوربانـی ریمۆنتـادای بارسـا بـوو، ئەو ئەنجامەی بە سـەیر نەزانـی، لەبەرئەوەی بارسـێلۆنا بەدەسـتیهێناوە. ئـەو گوتی «سـەیر نییە کە بارسـێلۆنا باشـترین یانـەی جیهانە، چونکە خاوەنی باشـترین یاریزانی ئەرجەنتین و باشـترین یاریزانی بەرازیل و باشترین یاریزانی ئۆرۆگوایە».




بە بۆنەی ریمۆنتاداکەی بارسێلۆنا..

# ئاوڕدانەوەیەک لە گەورەترین گەڕانەوەکان لە مێژووی تۆپی پێدا



ئا: سەفین تەها
ڕۆژان عەبدولڕەحمان

گەڕانەوە مەزنەکەی بارسێلۆنا کە لە ژێر ناوی ریمۆنتادا ئەنجامیدا، بووە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنی هەموو لایەک و هەندێک کەسـی بەجۆرێک سەرسامکرد کە وەک بڵێـی جارێکی دیکە لـە دایکبووبێتنەوە، بۆ هەندێکـی دیکـەش پێچەوانـە بوو، بـەڵام ئایا ئەو داسـتانەی بارسـا تۆماریکرد لـە مێژوودا تاقانەیە؟ یانیش لەوە مەزنتر تۆمارکراوە، لەم ڕاپۆرتـەدا ئاوڕێـک لە مێـژووی ریمۆنتاداکان دەدەینەوە.

## ئینگلتەرا 5 ـ 4 سکۆتلاند 1879

ئەمانـەی ئەم یارییەیان کرد بە باوانی تۆپی پێ دادەندرێن، چونکە کەمترین یاری تاوەکو پێش ئەم یارییە کرابوو، هیـچ تیپێـک کە بـە 3 گـۆڵ لـەدواوە بووبێـت نەیتوانی بوو بگەڕێتەوە و ئەنجامەکە بگۆڕێت.

لە سـاڵی 1878 لە یاریگەی هامبدۆن پارک لە سـکۆتلاند، هـەردوو هەڵبـژاردەی سـکۆتلاند و ئینگلتەرا بەیەکگەیشـتن، لـەو یارییەدا سـکۆتییەکان 7 ـ 2 یارییەکەیـان بردەوە، لە سـاڵی 1879 واتە سـاڵێک دوای ئەو یارییـە، هەڵبژاردەی ئینگلتـەرا 8 یاریزانـی نوێـی هێنایـە تیپەکـەوە و بڕیاریانـدا یارییەک لەگەڵ سـکۆتلاند بکەن، بێگومان بۆ تۆڵکردنەوە بۆیە بانگهێشـتیان کردن بۆ خاکی ئینگلتەرا و لە یاریگەی کینگتۆن ئۆڤاڵ یارییەکە کرا، لە نیوەی یەکەمدا بەهەمان تاس و حەمام سکۆتلاندا لە گێمی یەکەمدا 4 ـ 1 پێشکەوت، کەچی ئینگلتەرا لەو سەردەمەدا گەورەترین گەڕانەوەی لە 45 خولەکدا کرد و لە نیوەی دووەمدا ئەنجامەکەیان کرد بە 5 ـ 4 لە سوودی خۆیان، کە گۆڵێکیان لە ڕێگەی چارلی بامبریجەوە کرا کە لەلای گۆڵی خۆیانەوە تۆپی برد و هەموو یاریزانەکانی سکۆتلاندای بڕی.

## سویسرا 5 ـ 7 نەمسا (جامی جیهانی 1954)

ئەمە گەورەترین گەڕانەوەیە لە مێژووی تۆپی پێدا، کاتێک لە چارەکی کۆتایی جامی جیهانی 1954دا، نەمسا ئەوکاتە بەرگرییەکەی بە قفڵ ناسرابوو، کەچی لـە 18 خولەکـی یەکەمدا 3 گۆڵی لێکـرا، بەڵام لە دوای ئەو 3 گۆڵە خۆیان بەدەسـتەوە نەدا و لە ماوەی 10 خولەکدا توانیان ئەنجامەکە یەکسان بکەنەوە 3 ـ 3 بۆ هەردوو هەڵبژاردە، دواتر لـە نیوەی دووەمدا نەمسـا 2 گۆڵی دیکەی کـرد و ئەنجامەکە بـوو بـە 3 ـ 5 بـۆ نەمسـا، بەمەشـەوە نەوەسـتا و ڕووخانی سویسـرییەکان بـەردەوام بـوو تاوەکـو دوو گۆڵی دیکەشـیان لێکـرا و 7 ـ 5 یارییەکەیـان دۆڕاند، ئـەم یارییە زۆرترین گۆڵی بەخۆیـەوە بینیـوە لە مێژووی جامـی جیهانیـدا و گەورەترین گەڕانەوەشە لە مێژوودا.

## چارڵتۆن 7 ـ 6 هەدێرسفێڵد 1957

چارلتـۆن لە خولـی پلە یەکی ئینگلتـەرا دوای ئەوەی 120 گۆڵـی لێکرا بۆ خولـی پلە دوو دابەزی، بەڵام لە یەکەم یارییدا لەو خولەدا تووشـی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت بوو، کاتێک 7 ـ 6 لە یانەی هەدێرسـفێڵدی بردەوە، سـەرەتا هەدێسـفێڵد 2 گۆڵیـان کـرد، بـەڵام وەڵامیان بـە گۆڵێک دانـەوە، کەچی میوانـەکان (هەدێرسـفێڵد) 3 گۆڵیـان کـرد و ئەنجامەکە بوو بـە 5 ـ 1، کەچـی چارڵتـۆن 5 گۆڵیـان لەسـەریەک کـرد و ئەنجامیـان هەڵگەڕاندەوە بۆ 6 ـ 5، ئەمە تاوەکو خولەکی 81، لـە بەرامبەردا هەردوو یانە سـەرو گۆڵێکـی دیکەیان کرد و لە کۆتاییدا چارڵتۆن 7 ـ 6 بردییەوە.

## بایەر یۆردینگن 7 ـ 3 دینامۆ دریسدین (جامی جامەکانی ئەوروپا 1986)

یاری یەکەمی نێوانیان 2 ـ 0 لە سـوودی دینامۆ دریسـدین کۆتاییهات، کەچی لە یاری دووەم و گەڕانەوەدا کە لە دەرەوەی یاریگەی خۆی بوو، یانەی دینامۆ دریسدین 3 ـ 1 لەپێش بوو، ئەمـەش واتـە 5 ـ 1 تاوەکو خولەکی 60، هەمووان دەسـتیان لـە یارییەکە شووشـتبوو، بەڵام تۆپە خڕەکـە بێباوەڕی خۆی سەلماند و لە ماوەی 21 خولەکدا 5 گۆڵ لە تۆڕی دریسدین کرا، ئەنجامەکە بوو بە 6 ـ 3، چوار خولەک پێشکۆتایی یارییەکەش یۆردینگـن گۆڵێکـی دیکەیان کـرد و ئەنجامەکەیان کرد بە 7 ـ 3، ئەنجامـی هـەردوو یارییەکـەش 7 ـ 5 بۆ یانـەی یۆردینگن کۆتایی هات.

KOREK Telecom




لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە
لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووك
لە کورەك

ئێستا لە (کورەك)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووك بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵتەوە.
پاکێجێك هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (ڕۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| ڕۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە

411
korektel.com



## بەخۆڕاییش نایانەوێ

محەممەد سیت ئۆزکانی سەرۆکی یانەی ئەلیتنۆردۆ، کە لە ریزی یانە پلە دووەکانی تورکیا یاریدەکات، دووپاتیکردەوە بیرۆکەی گرێبەستکردن لەگەڵ لیۆنێل مێسی هێرشبەری بارسێلۆنا بەخۆڕاییش رەتدەکاتەوە، ئەوەش لەبەر باوەڕی بە بەهرەمەندە لاوەکانی تورکیایە. ئەو گوتی «ئەگەر مێسیش بیەوێ بەخۆڕایی یاری بۆ تیپەکەمان بکات، بەدڵنیاییەوە من رازی نابم گرێبەستی لەگەڵدا بکەم، چونکە باوەڕم بە توانای یاریزانانی لاوی تورک هەیە». یانەی ئەلیتنۆردۆ بەوە بەناوبانگە، بەردەوام شانازی بە ئەکادیمیای تیپەکەیەوە دەکات، کە چەندین بەهرەمەندی نایابی تێدایە.



رێبوار محەممەد

## پسکویتخۆرەکانی لالیگا

پێشتر ئەگەر بمانویستایە بە یەکێک بڵێین ناسکە و بەناز گەورە کراوە، دەمانگوت بە پسکویت گەورە کراوە. ئەو پسکویتە لای هەولێرییە ئازیزەکان بە کێک ناودەبرێت.

ئێستا کاتێک تەماشای لالیگا و هەڵای هاندەرەکانی ریال و بارسا دەکەیت، دڵنیادەبیت لەوەی هەموان پەروەردەکراوی پسکویتن.

ئەم رۆژانە هەندێک شت لە خولی ئیسپانیا روودەدەن جێگەی سەرنجن، هەر ئەوەندەی هاندەر و رۆژنامەکان، ئەنجامێکیان بەدڵ نەبێت، ئیدی هەڵایەکی بێکۆتایی دەنێنەوەو جارێکی دیکە لە فەیسبووکدا بەزمێک دروستدەکەن، هەزارجار دڵنیابیت لەوەی فەیسبووکی کوردی باشترین دیواربەندی جنێو و سووکایەتییە.

یارییەکی بەر لە دوو هەفتەی لالیگا، کە سەرکەوتنی دراماتیکیانەی ریال مەدرید بوو بەسەر ڤیاریالدا، هەڵایەکی گەورەی ناوەتەوەو چەندین بوختان و درۆی هێنایە ئاراوە.

من نامەوێ باسی ئەوە بکەم ئەوەی بۆ ریال مەدرید گیرا لێدانی سزا بوو یان نا؟ چونکە ئەوە کاری من نییە، بەڵام دەمەوێ ئەوە بزانم چۆن پەیج، سایت و تەنانەت شرۆڤەکار و پرۆفیسۆرە وەرزشییە مەزنەکانی ئێمە، هێندە سادەو ساکار لە دونیا گەیشتوون خێرا لە رێگەی وێنەیەکی ناڕاستەوە کردیانە هەڵا و گوتیان ناوبژیوانانی یارییەکە بەرتیلیان لە ریال مەدرید وەرگرتووەو وێنەیەکیان پێشانداوە کەسێک کیسەیەکی پێیەو لۆگۆی ریال مەدریدی لەسەرە، گوایە ئەوە ناوبژیوانەکەیە.

سەیری ئەم سیناریۆ منداڵانەیە؟ ئەوەی یەک تۆز لە وەرزش بزانێت باش لەوە تێدەگات لە دونیادا ناوبژیوانەکان نەک هەر بۆیان نییە بۆ میدیا و راگەیاندن قسە بکەن، بەڵکو بۆیان نییە لەگەڵ هیچ کارگێڕیی و ئەندامێکی یانەکانیشدا کۆببنەوە. دڵنیام ئەوەی دروستکرا هەرای پەیج و ماڵپەرە عەرەبییەکان و هاندەرانی ریال و بارسا بوو کە لە دژی یەک بەکاریان هێنا و گواسترایەوە کوردستانیش.

رۆژنامەکانی کەتەلۆنیا لەدوای دۆڕانی ڤیارپیال کەوتنە شیوەنکردن بۆ دۆخی ناوبژیوانانی لالیگا. ئەگەر واماندانا ئەوە راستە و ناوبژیوانەکانی ئەو خولە ئاستیان باش نییە. باشە خێرە کە بارسا پێشەنگ بوو و بەنوێژی نیوەڕۆ زوڵم لە یانە بچووکەکان دەکرێت کەس نقەی لێوەنایەت؟ ئەوە بۆ هەق تەنیا ئەوکاتە پێویستی بەدەرخستنە کە تیپەکانی خۆتان دەدۆڕێت؟

ئەمە شتێکی دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە، ئەویش توندی ناو یاریگەکانە، بێگومان دەتوانم بڵێم خولی ئیسپانی ناسکترین خولی ئەوروپایە بۆ یاریزانان، ئیسپانییەکان پێیان شەرم نییە داوای پارێز بۆ رۆناڵدۆ و مێسی بکەن لە یارییەکاندا بەبیانووی ئەوەی ئەوان ئەستێرەن! ئەدی یاریزانانی دیکە؟ ئەدی ئەو هەموو ئەستێرەیەی لە یانەکانی دیکەدا بوونیان هەیە و کەسیش نایانخوێنێتەوە؟

با نموونە بهێنمەوە، بەر لە چەند رۆژێک یۆڤینتۆس و ناپۆلی یارییان کرد، ئەوەی یارییەکەی بینیبێت بەزەیی بە لالیگادا دێتەوە، یارییەکی دراماتیکی و سەرنجراکێش. ئەو لێدانی سزایەی گۆڵی دووەمی یۆڤینتۆسی لێبەرهەمهات کە لە ئەنجامی هێرشێکی هەڵگەڕاوەوە بوو، لە ئیسپانیا بووایە دونیای لەسەر وێنراندەکرا، کەچی لەوێ کەس نقەی لێوەنەهات.

ئەی ئینگلتەرا، لە یاری کۆتایی جامی ئەو وڵاتەدا گۆڵێکی لەسەدا سەد راستی (راستی) ساوسامتۆن نازناوەکەی بەخشییە مانچێستەر یونایتد، کەسیش نەیکردە هەڵا و شیوەن گێڕان، دەزانن بۆ؟ چونکە بنەمایەکی سەرەکی هەیە، دوو گۆڵ بکە با ناوبژیوان سێیەمیانت بۆ هەژمار نەکات. کە ڤیاریال لە 20 خولەکدا پان و بەرینی یاریگە لەدەستدەدات و دەکەوێتە ژێر فشاری ریالەوە، گوناهی کەس نییە، کاتێکیش بەرامبەر لاس پاڵماس هیچی پێناکرێت و گاریس بەیڵ یاریگەی بە شەقامەکانی وێڵز دێتە بەرچاو و پەلاماری یاریزان دەدات، ئەوەش گوناهی کەس نییە. واز لە ناوبژیوان بێنن، چێژی تۆپی پێ بەو شتانەوەیە، ئازایەتیش لە کاتی دۆڕاندا بیانوو هێنانەوە نییە، چونکە هەموو شکستێک بیانوویەکی هەیە.

### دەنگی زۆر خۆشە..

# ئەلڤێش بەڕاستی دەبێتە گۆرانیبێژ



**رووداوی وەرزشی ـ Samba**

دانی ئەلڤێش، بەرگریکرای بەرازیلی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی هەر کاتێ وازی لە تۆپی پێ هێنا، بۆ یەک رۆژیش بێکار نامێنێتەوە، چونکە تەواو ئامادەیە بۆ دەستکردن بە پیشەیەکی دیکە، کە تێیدا زۆر بەهرەمەندە، ئەویش بواری گۆرانی گوتنە.

پێدەچێت ئەلڤێش لە مێشکی خۆی داناوە، لەماوەی داهاتوودا ببێتە گۆرانیبێژێکی پیشەگەر. ئەوەش لەبەر ئەو پەسنکردنەیە، کە لەلایەن خۆشەویستان و سەوداسەرانی پێیدەگات، بەڵکو شتەکە گەیشتووەتە هاوپیشەکانیش. لەم بارەوە ئەلڤێش لەلایەن گۆرانیبێژی ئیتاڵی فرانسیسکۆ گابانی پەسندکراوە، لەمیانی بەشداریکردنی لە بەرنامەیەکی کەناڵی سکای سپۆرتی ئیتاڵی، گابانی گوتی «بە بایەخەوە سەیری ئەو گرتە ڤیدیۆیانە دەکەم، کە ئەلڤێش لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویاندەکاتەوە، زۆر بەدەنگی سەرسامم، چونکە هیچی لە دەنگی گۆرانیبێژەکانی جیهانی کەمتر نییە».

ئەلڤێش لاپەڕەکانی خۆی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ناساندنی زیاتر بە تواناکانی لە گۆرانی گوتن بەکاردەهێنێت، زۆر بە دەگمەنیش شتی پەیوەست بە پیشەی یەکەمی، کە تۆپی پێیە بڵاودەکاتەوە.

گابانی، هەر لەو کەناڵەوە بە فەرمی داوای لە ئەلڤێش کردووە، لەگەڵ ئەو بەشداری لە پاڵەوانیەتی (ئۆرۆڤیزیۆن 2017) بکات، کە تێیدا ساڵانە دەنگە باشەکانی ئەوروپا دەستنیشان دەکرێن، کە لە 2017/5/13 بەڕێوەدەچێت، بەڵام ئەو رۆژە هاوتایە لەگەڵ یارییەکی بەهێزی یوڤانتۆس بەرامبەر یانەی رۆما، کە لەوانەیە بۆ ململانێی بەرگریکردن لە نازناوی کالچیۆ گرنگ بێت.

پێشبڕکێ



**بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە**

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

هیشام عەبدولعەزیز لە هەولێر

بە لێدوانی:

**(لێتدەدەم کەلەکی، ڤیروسی لە کارتەکی)**

---

رووداو وەرزشی
ژمارە ( 441 )
سێشەممە 2017/3/14

# LOTTO 1 پەنجاو شەشەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە






RÛDAW
www.rudaw.net
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net – 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان
هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەمووومان گەنجتر دەکاتەوە